www.kurdistannet.org

## پەیامێک بۆ بەڕێز یاسین بانیخێلانی

لـەم ڕۆژانـەدا، بـەڕێز یاسـین بـانیخێلانی دانیشـتوی ئـەڵمانیا لەسـەر سـایتی (کوردستان نێت)، نامەیەکی کراوەی ئاراسـتەکردووە، کـە نـاوی منیشـی تێدایـە. لەوێدا گلەیی لەو خەراپکارییە کردووە کە لەڕێی چـەند ئیمێلێکـەوە ئەرشـیفی تایبەتیی ئەو لەسەر کۆمپیوتەرەکـەی نـابودکراوە و ئـەوەی منـی زۆر غـەمبارکرد سـڕینەوەی سـێ کتێبـی نـاوبراوە کـە وەک دەڵـێ نوسـخەی دیکـەی لا نـەماوە. بەداخەوە ئەمکارە چەتەییە بە ئیمێلێک کراوە کە نـاوی مـن و گۆڤـاری ڕامـانی لەسەرە، بۆیە حەزدەکەم ڕوونی بکەمەوە:

١-ئەم ئیمێلە هیچ پەیوەندیی بە منـەوە نییـە و لـە لای ئێمـەش نەخراوەتەسـەر ئینتەرنێت.

٢- من پـتر لـە شـەش مانگـە لـە دەزگـای ڕاگەیانـدنی گـولان بـە هـەموو کەناڵەکانیانەوە کار ناکـەم، بۆیـە هـیچ مەسـئولییەتێکی ئـەدەبی و یاسـایی ئـەو دەزگایە لە ئەستۆی من نییە.

٣- بە پێی ئاگاداریی من ئیمێلێکی لەم چەشنە لـە هـیچ یـەک لـە گۆڤارەکـانی گولانەوە دەرنەچووە، بەڕێوەبـەری دەزگاکـەش لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا هاوکـاریی کردم.

بێگومان ناحەزێکی بەڕێز یاسین بـانیخێلانی لـەم کـارە دزێوەیـدا کەلەبـەرێکی تەکنۆلۆژیای ئینتەرنێتی بەکار هێناوەو لە بێشانسیی ئێمەش کەڵکی لەناوەي مـن و گۆڤاری خۆشەویستی ڕامـان وەرگرتـووە، مـن هـاودەردیی خـۆم لەگـەڵ کـاک بانیخێلانی دەردەبڕم و دڵنیام کە زیانێکی ڕۆشنبیری بەر کتێبخانەی میللەتەکـەمان کەوتووە. بۆیە هیوادارم بەڕێزیان لە دۆزینەوەی ئەم خەراپکارەی بەدکـەڵکیی لـە ناوی ئێمە وەرگرتووە، هاوکاریمان بکات.لەگەڵ ڕێزی دوبارەمدا.

سەرۆ قادر

هەولێر٢٠\٦\٢٠٠٢